پێنج شاراوەکان دەستکاری ئاسایشی وزە دەکەن... و دەسیەکی هەستیار لەسەر مەزی فەرماندەی گشتییە



سەباح نوعمان، وتەبێژی فەرمی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ڕایگەیاند، دو کێگەی نەوتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە لایەن فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە کرانە ئامانج، ئاوەش مەترسیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی عێراقیەکان، دەشێت، "ڕێگە بە هیچ هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی گەلی عێراق نادەین".

سەباح نوعمان ئەمە سەبارەمە لەو ڕاگەیەندراوەکدا باسی لەوەکردوە، "دو کێگەی نەوتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەلایەن فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە کرانە ئامانج، ئاوەش مەترسیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی عێراقیەکان، هەروەها بۆ دەستدرێژی کردنە سەر هاوڵاتیانی دەوڵەت لە چەسپاندنی سەقامگیری و پێشخستنی چەرخی گەشەپێدان دادەنرێت".

ئاماژەی بەوەشکردوە، سروشت و کاتی ئاو کردنەوە تاوانکاریانە ئاماژەیەکە بۆ بونی نیەتی خراپ، کە ئامانج لێی تێکدانی دۆخی عێراق و زیانگەیاندنە بە دامەزراوە گرنگەکانی.

وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان دەشێت، "محەمەد شیاع سودانی، لایەنە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد لێکۆڵینەوەیەکی دەستبەجێ و فراوان دەستپێبکەن، بۆ دەستنیشانکردنی

لایەنەکانی پشت ئەو هەرشانە و گرتنبەری ڕووشوێنی توند لە دژی ئەو کەسانەی کە تاوانگلاون بەبێ هیچ دودڵی و نواندنی نەرمییەک".

ئەوەشی خستەڕوو، "حکومەتی عێراق بە هەمو دامەزراوە و دەزگاکانیەوە ڕاگەیە بە هیچ هەڕەشەیەک بە سەر بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراق نادات و هەمو ڕووشوێنکی پێویست دەگرێتەبەر بۆ پاراستنی دامەزراوە گرنگەکان و پتەوکردنی سیستەمی بەرگری، بەشێوەیەک ڕێگر بێت لە دوبارە بونەوەی ئەو جۆرە کردەوانە و پاراستنی سەروەری عێراق و مافی گەلەکەی".